# وەڵامی بەکر ئەحمەد لە بەرانبەر پرسیارێکی گۆڤاری نێوەندا

بزووتنەوەی گۆڕان توانی هاوکێشەیەکی سیاسی گرنگ بە زیانی هێزە ئیسلامییەکان بگۆڕێت، بەو پێیەی ئەو خەونەی ئیسلامییەکانی لەناو برد کە ماوەی چەند ساڵە خۆیان بە ئەڵتەرناتیڤی دوو حزبە سەرەکییەکە دەزانن. بە بۆچوونی ئێوە هۆکارەکانی ئەو پاشەکشێیەی ئیسلامی سیاسی لە ساتەوەختی سەرهەڵدانی گۆڕاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

بەکر حەحمەد
www.bakerahmed.se

بەکر ئەحمەد: سەرەتا پێم باشە جیاکارییەک لە نێوان کۆتایی ئیسلامی سیاسیی و پاشەکشێی ئەم بزووتنەوەیەدا بکەم. ئەوەی کە ڕوویداوە، پاشەکشێیەکی کاتی ئەم بزووتنەوەیە نەک کۆتایی ئەو. هێنانی 15% ی دەنگەکانی هەڵبژاردن، هێشتا بە دەنگێکی کەم ناوزەدناکرێت. بەڵام لە چاو ئەو جێگاوڕێگایەی کە ئەم هێزانە لە مێژوویەکی درێژتردا بوویانە، جێگای خۆشحاڵیی و لێوردبوونەوەیە.
سەرەتا با لەوێوە دەستپێبکەین کە گوایە:" ماوەی چەند ساڵە خۆیان بە ئەڵتەرناتیڤی دوو حزبە سەرەکییەکە دەزانن". بەڵام سەرەتا ڕوونکردنەوەیەکی کورتم پێویستە لەسەر ناسینی ئەم بزووتنەوە سیاسییە و ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ناوی کە لە ژێر ناوی ڕێکخراوەی جیاوازدا، کاتیگۆریزە دەکرێن.

ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، هیچ کات لەسەر دارشتنی پەیامی شۆڕشی ئیسلامی و دامەزراندنی دەسەڵاتی خەلافەتەوە خۆی نەناساندووە. ئەگەر چی لێرە و لەوێ دەکرێ ئاماژەی لەمجۆرە ببینرێت و ببیسترێت، بە تایبەتی بۆ باڵی توندڕەوی ئەو کە لە ناو هیزەکانی قاعیدەدا جێگایان بۆ خۆیان کردۆتەوە، بەڵام لە گشتییەتی خۆیدا دەرکەوتن و ئامادەیی سیاسیی ئەوان، لە ناو ئەو کێشانەوەیە کە ستەمی میللی سەر خەڵکی کوردستان زەمینەی بۆ سازاندووە. ئەوان لەو شوێنەوە دەستپێدەکەن کە بزووتنەوەی فەرمی ناسیونالیزمی کورد بێوەڵام کۆمەڵێک کێشە لە شوێن خۆیەوە جێدەهێڵێت. کێ پێیوایە حەماس لەسەر بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییەوە دەیتوانی شوێنێک لە نەخشەی سیاسی فەلەستیندا داگیربکات. حەماس لەوێیە تا ئەو شکستانە پڕکاتەوە کە بزووتنەوەی ڕەسمی ناسیونالیزمی عەرەب کە فەتح قسەکەری ڕەسمی بووە، دروستکەری بووە. حەماس ئەگەرچی گوتارێکی ناسیونالیستییانەی هەڵکێشراو لە ئاوی

پیرۆزی ئایین بەرهەمدەهێنێت، لە دوا دەرئەنجامەکانی پراکتیکی سیاسەتدا، کێشەی چارەسەرنەکراوی فەلەستین هۆکاری زیندوومانەوەیەتی. ئەوە قودس نییە کە بە ڕووتی لە ناو موقەدەسی ئایەتە پیرۆزوکانەوە دەبێ ڕزگار بکرێت، بەڵکو قودس لە پرۆسەی داگیرکردنی فەلەستیندا، سیحرێکی دیکە وەردەگرێت. بۆ هێزەکانی ئیسلامی سیاسیش لە کوردستاندا، ژێردەستەیی کوردی موسوڵمانە نەک پرسیاری لادانی خەڵکی کوردستان لە بنەما ئاینییەکانی ئیسلام تا بە هۆیەوە جاڕی ئەم صەحوە ئاینییە بدرێت.

بەوەی ستەمێکی میللی لەسەر خەڵکی کوردستان بووە لە عێراقدا، بەرهەڵستکارییەکی سروشتی و بەئاگاهانەش لە بەرانبەر ئەم ستەمکارییەدا بوونی هەبووە. لە ئاستی بزووتنەوەی سیاسیدا، ناسیونالیزمی کورد لە مێژە هەڵگری ئەم پەرچەمی بەرهەڵستکارییە بووە. بەڵا ناسیونالیزمی کورد هێچ کاتێک بەوەی خۆشی وەک بزووتنەوەیەکی عەلمانی پێناسەدەکات، لە گەڵ ئاییندا سنووردارییەکی ئایدیۆلۆژی ڕانەگەیاندووە. بۆیە ئەگەر ناسیونالیزمی ڕەسمی باڵە عەلمانییەکەی ئەم بزووتنەوەیە بوو بێت، ئەوا باڵی ئیسلامی سیاسی لە ناو ناسیونالیزمی کورددا باڵە ئاینییەکەی ناسیونالیزمی کوردە بووە. ناکرێ خەسڵەتی ناسیونالیستی لە حەماس بسەندرێتەوە بەوەی بە زمانی ئایاتە قورعانییەکان دەپەیڤێ. کوردایەتی لای یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ و بزووتنەوە، لە ئاوی پیرۆزی طاغوتی بەعس و کوردی موسوڵماندا هەڵکێشراوە.

بە بڕوای من، هۆکاری پاشەکشەی سیاسیی ئەوان لەم هەڵبژاردنانەی دوایدا، کۆمەڵێک هۆکارە کە من ئاماژە بە هەندێک لایەنی گرنگی دەدەم.

یەکەم: لە ماوەیەکی درێژدا ئەمان خۆیان بە ئەڵتەرناتیڤی دوو زلهێزەکەی کوردوستان دەزانن. بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان خۆ بە ئۆپۆزیسیۆنزان و ئەوەی کە کەسێکی دیکە تۆ بە ئۆپۆزیسیۆن بناسێت. بوون بە ئۆپۆزسیۆن، بە مانای ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە لەبەرانبەر دەسەڵاتدا. کاتێک تۆ چوارچێوەی گەمە سیاسییەکە قبوڵدەکەیت و دەبیتە شەریکی دەسەڵاتی سیاسی لە ساڵی 1991وە، پۆست و وەزارەتی جۆراوجۆر وەردەگریت، لە بەرانبەر دەسەڵاتی سیاسیدا کێشەت دەبێتە ئەوەی کە بەرگێکی ئاینیی بە هەندێک لە برگە یاسایی و بڕیارە سیاسییەکانی دەسەڵات ببەخشیت و بێدەنگەی لێبکەیت وەک ئەوەی "بزووتنەوە" و "یەکگرتوو" لە مێژووی 18 ساڵی ڕابردوودا کردوویانە، تێڕوانینی خەڵکیش لە بەرانبەر تۆدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و کەسیش لە هاوکێشەی ئۆپۆزیسیۆنبووندا جێگایەکت بۆ قایلنابێت. ئەگەر دەستەواژەکەی مەلا بەختیار لە بەرانبەر ئەم هێزانەدا بەکاربهێنرێتەوە، ئەوا ئەم هێزانە:" لە کەری ناو جۆگەکە دەچن کە لە هەردوو بەری دەلەوەڕن". ئاخر بۆ ئەوەی تێڕوانینی خەڵکی لەبەرانبەر خۆتدا بگۆڕیت و پێتوابێ خەڵک بە جۆرێکی دیکە دەکرێ سەرنجت لێبدا، دەبێ بزانی لە کام لا دەوەستیت. دیمەنی کەری ناو جۆگەکە، لەگەڵ هەر ئاماژەیەکی نێگەتیڤانە کە ئەم پەندە گێڕەرەوەیەتی، متمانەی ئۆپۆزیسیۆنبوون لەم هێزانە دەسەنێتەوە. ئەگەرچی تۆ خۆشت وەک ئۆپۆزسیۆن ناوزەدبکەیت.

دووم: لە زمانی سویدیدا دەستەواژەیەکی تازە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2006 وە دێتە ناو زمانی سیاسیی سویدەوە. ڕاینفێلدەرێ، ئەو وشە تازەیەیە کە دەکرێ کۆمەکێکی گەورە بە هۆکاری دووەمی پاشەکشێی ئیسلامییەکان بدات. سەرەکوەزیرانی سوید لە دوای هەڵبژاردنەکانی سویدی 2006وە ناوی فریدریک ڕاینفێلدە. ئەم پیاوە وەک سەرەکحزبی هێزە کۆنسێرڤاتیڤەکانی سوید، بە

هاوکاری هێزە ڕاستەکانی دیکەی کۆمەڵگا، گۆڵێکی سیاسی گەورە لە سۆسیالدیموکراتەکانی سوید دەکات. ڕاینفێلد دێت و پەیامی سوشیالدیموکراتی سوید بە هەمان گووتاری سیاسییەوە وەردەگرێت و ناوەڕۆکێکی تەواو ڕاسترەوانەی پێدەبەخشێت. بۆ هاوڵاتی سادە، کارێکی ئاسان نییە هەست بەم دزییە ئایدئۆلۆژییە بکات. ئەگەرچی بە ووردبوونەوەیەکی زیاتر لە چەمک و دەستەواژە سیاسییەکانی ڕاستی سوید، هەستدەکرێت، ئیدی دەوڵەتی ڕیفاه، باج، سۆلیداریتی.... هەمان زرنگانەوەیان نییە وەک ئەوەی کە هاوڵاتییان لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سۆشیالدیموکراتەکانییان وەرگرتووە. بە کورتیی، ڕاینفێلدەرێ بە مانای بەکارهێنانی چەمکە سیاسیی و ئایدیۆلۆژیاکانی بزووتنەوەیەکی دیکەی سیاسییە و بەخشینی مانایەکی دیکەیە بەو کە لە پێگەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژی خۆوە نزیکترە نەک ئەوەی چەمکەکان دەکرێ هەڵگری بن. بۆیە با لە ڕاینفێلدەرێی سویدەوە بێینەوە ناو کۆمەڵگای کوردستان و سەرنجێکی ئەم پرۆسەی دزینی پەیامی بزووتنەوە سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردستان بدەین.
باڵادەستی ئیسلامی سیاسی هەر لە ڕێگەی گەورەبوون و دەنگبڵندبوونی قسەکەرانی ئەم هێزانەوە نییە لە کوردستاندا. بەڵکو دەسەڵاتی سیاسیش هەتا ئێستاش پێیوایە، ڕاوەستانەوە بەرانبەر ئەم هێزانە دەکرێ بە بەکارهینانی ئەو پەیامە سیاسییە بێت کە ئیسلامییەکان بەکاریدەهێنن. ئەم ستراتیژە تا ڕادەیەکیش کاری خۆی پێکاوە. یەکێتی و پارتی لە بەرانبەر ئیسلامییەکاندا، سەد هێندەی تر لە ئیسلامیزەکردنی کوردستاندا کارییانکردووە. بەشێکی زۆری پێشنیار و پرۆژە سیاسییەکانی ئیسلامی سیاسیی، ئیدی پرۆژەی ئیسلامییەکان نییە و ئەم دوو زلهێزەی کوردستان لەوان چالاکتر بە ئەنجامیدەگەێنن. دزینی پەیامی ئیسلامییەکانی کوردستان و کردنی ئەو پەیامە بە هی خۆ، بە دابڕاندنی بەشێکی زۆری لایەنگرانی ئەم هێزانەن لە هێزەکانی ئیسلامی سیاسیی و کردنی ئەم لەشکرەیە بە هێزی خۆ تەواو دەبێت. بێگوومان ئەو بەشەی لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی کە موسوڵمانبوون بۆیان تا ئێستاش لە بارێکی ئینتیمای ترادیسیۆنیدایە و خوازیاری بە ئیسلامیڕاگرتنی هەندێک لە بەها کولتوریی و مۆراڵییەکانی کۆمەڵگان. واتا تۆ کاتێک وەک هاوڵاتی بە شوێن پەیامی بزووتنەوە سیاسییەکەی خۆتەوەیت، ئەم پەیامە لەو هێزە دەکڕیت کە توانای جیبەجێکردنی هەیە و ڕووناکەیتە ئەو کەسەی دی کە لە ئاستی شیعاراتدا خواستەکانی قەتیسکردووە. یاسای فرەژنی تەنها کۆششی ئیسلامییەکان نییە لە کوردستاندا، بەڵکو کۆشش و هەولەکانی دەسەڵاتی سیاسییە تا بەو هاوڵاتییە ئیسلامییەش بڵێت کە ئێمەش بە تەنگ خواستەکانی تۆوەین. بە کورتییەکەی، بەشێکی زۆری پەیامی ئیسلامییەکانی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستی بەسەردا گیراوە و وەک پەیامی خۆ کاری پیدەکرێت. بێگوومان، ئەم دەستبەسەراگرتنەی پەیامی ئیسلامییەکان بە مانای خاڵیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامە دینییەکە نەبووە. بەڵکو ڕێک و ڕەوان کارکردن بووە بەو پەیامە کە ئیسلامییەکان بەشوێنیەوەبوون. ئەم کردەوە سیاسییە، لە دوا ئەنجامەکانی خۆیدا، بە دابڕاندنی بەشێکی زۆری لەشکری ئیسلامییەکانە و کردنی ئەوانە بە بەشێک لە لەشکری خۆ.

سێیەم: پەیوەندییەکی نەپساوە لە نێوان خودا و بازاڕدا هەیە. هاڕەکردنی بۆرسەی وۆڵستریت، لە بەهێزبوونی هێزە ئاینییەکانی کۆمەلگادا ڕەنگدەداتەوە. لەو شوێنانەی نەبوونیی و بێئومێدی باڵی بەسەر کۆمەڵگادا ڕاکێشاوە، خودا هەمیشە ئامادەبیەکی زیاتری هەیە. کێرڤی بووژاندنەوەی ئابووری لە کوردستانی 2009دا زۆر بەرزترە لە هەمان کێرڤ کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا هەبوو. گەمارۆی ئابووری، شەڕی ناوخۆ، برسێتی و دەیەها مەینەتی تر، ئەو بازاڕەیە کە زۆرێک لە ئیسلامییەکانی دنیا لەسەری دەژین. ئەگەر ئایین،" ئاهی گەلەخەڵکێکی چەوساوەیە، دڵی

جیهانێکی بێ دڵە و ڕۆحی هەلومەرجێکی بێ ڕۆحە"، ئەوا بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی لەم هەلومەرجە بێ دڵ و ڕۆحەدا، بە ئاسانی دەتوانن ژمارەی ئەو دەنگە نائومێدانە لە خۆیان کۆبکەنەوە کە بڕیارە ببنە دالْدە و ئومێدبەخشی ڕۆژانەیان. کاتێک ئەم هاوکێشەیە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، کاتێک ئاهی ئینسانی چەوساوە پڕحەسرەتتر نییە وەک نەوەدەکان، ئاسانتر خەڵک بە دوای وەهمی خۆشگوزەرانی ڕۆژانەیدا لە ئایندا، خەونەکانی خۆیان نادۆزنەوە. هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە زەمەنی دەفتەرە دۆلار و تازەترین مۆدێلەکانی ئۆتۆمبیل و چات و ئینتەرنێتدا ڕوودەدات.

چوارەم: بزووتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستان هیچ کاتێک ڕاشکاوانە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتییان نەکردووەو هیچ کاتێکیش سەرکردەیەکی ناسراویان نەخستۆتە دەر کە بەرانبەر دەسەڵات هەڕەشە بکات. لە زەمەنی ناخۆشترین ڕۆژگارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزانە و دەسەڵاتدا، هەمێشە وەک برایەک دەرکەوتوون و ئەگەر لە ڕیزەکانی خوارەوەی ڕێکخستنەکانیشیاندا تووڕەیی و ڕقێک بەرانبەر دەسەڵات بونی هەبووبێ، کەسی یەکەمی یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوە، لەبەر چاوی کامێراکاندا، زەردەخەنە لەگەڵ سەرکردەی زلهێزەکاندا دەگۆڕنەوە. بۆ جەماوەرێکی بەرین لە خوارەوە، هیچ کام لەم سەرکردایەتییانەی ئیسلامییەکان قامەتی ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕێکی جدییان لە خۆیان نیشاننەداوە و جەماوەریش نەیوێراوە خۆی بداتە دەست ڕابەرایەتی کەسایەتی واهی. بەڵام کاتێک تەماشای تفەنگچییانێکی دەوری نەوشیروان موستەفا دەکەیت و گوێت لە پەیامی:" بیست ساڵە پیاو بۆ مام جەلال دەکوژم و ئامادەیشم بیست ساڵی تر بۆ کاک نەوشیروان ئەو کارە بکەم"، ئیتر ئەوسا بۆت دەردەکەوێت ئەوانەی لە بزووتنەوەی گۆڕندا شوناسی "گۆڕان" دەدۆزنەوە ، کەسانێکن کە پێیانوایە لایەنگری لەگۆڕان، بە مانای ئەگەری هێزێک کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە و دەشکرێ ئەوی هاوڵاتی بپارێزێت. بەشێک لە هێزی گردەکە لە ڕێگەی ئەو متمانیەوە بە دەست دێت کە تفەنگچییانی دەوری نەوشیروان بە دەرەوەی خۆیانی دەدەن. جەماوەر لە خوارەوە و لە هیچ شوێنێکی دنیادا خود بە خود دوای هەموو هێزێک ناکەوێت ئەگەر نەزانێت ئەو هێزەی دوای دەکەوێت دەتوانێت بیپارێزێت ئەگەر گەمەکانی یارییەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت و چەک بێتە قسەکەری کۆتایی. شەقاوەکردنی لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری سلێمانی و هەندێک شوێنی دیدا، ئەگەر لە لایەن هەر هێزێکی دیکەی سیاسییەوە ئەنجامبدرایە لە بەرانبەر یەکێتی و پارتیدا، دەمێک بوو خۆڵییان بە توورەکە بێژرا بوو.

نەبوونی سەرکردایەتیەکی لە چەشنی نەوشیروان و جێگاوڕێگای ئەو لە ناو هەوکێشە سیاسییەکانی کوردستاندا، ئەم ڕۆڵە بە بزووتنەوەی گۆڕان دەدات و هێزەکانی دیکە، لەم مێژووی تۆقاندن و ترساندنەی دەسەڵاتدا بێبەهرەن.

بە بڕوای من دەکرێ فاکتەری دیکەی گرنگ هەبن کە لەبەر کورتی وەڵامەکان ناتوانم ئاماژە بە هەموویان بکەم.